خاوەنی ئیمتیاز و
سەرنووسەر:
عومەر عەلی

# ڕۆشنبیر

ژمارە ( ٧ ) – زستانی ٢٠١٣

بڵاوکراوەیەکی
ڕۆشنبیری گشتی
سەربەخۆیە، ناوبەناو
لە هەولێر دەر دەچێت

## جیهان، وڵات، خێزان،خۆم

لەسەر کێلی گۆڕی یەکێ ئەم وشانە نووسرابوو، مانایی ئەمانە ئەوەیە، کە: کاتێ گەنج بووم دەمویست جیهان بگۆڕم، بەڵام پێم نەگۆڕا، کە تۆزێ گەورەتر بووم ویستم وڵاتەکەم بگۆڕم دیسان پێم نەکرا، لەناوەڕاستی تەمەنم ویستم خێزانەکەم



بگۆڕم، بەلاّم خێزانەکەیشم پێویستیان بەگۆڕین نەبوو، لەکۆتایی تەمەنم، کە مردن بەرەبەرە نزیك دەبووەوە، تێگەیشتم، کە دبێ خۆم بگۆڕم تاکو بتوانم خێزانەکەم و وڵاتەکەم و لەوانەیە جیهانیش بگۆڕم.

## لە کونی دەرزییەوە

**ن: ئیسماعیل بەرزنجی**

یەکێ دەڵێ: گلەیی زۆری خێزانەکەم ئەوەیە کەوا میوە ناخۆم! منیش پێیان دەڵێم: من چێژ لە میوەی ئێستا ناکەم، بەلاّم بێ فایدەیە. ڕۆژێکیان زۆریان پێوتم وەرە میوە بخۆ منیش تورەبوم و وتم: من چێژ لە میوەی ئێستا ناکەم میوەی جاران تام و لەزەتی خۆی هەبوو، کاتێ کاڵەك (گندۆرە)یەکی دەیمیم قاژ دەکرد هەر لەبۆنەکەی تێرم دەخوارد، ئەی (ئاڵوو) بۆ ئەوەندە



بەلەزەت بوو، شەوانی هاوین لەسەربان خرم خرم (ترێ)م دەخوارد، خۆ هەناری نازەنین

دەستت لەگەڵی دەخوارد ئێستەکە چۆن هەموو هاوکێشەکان قلْپ بوونەوە تامی میوە خواردنیش گۆڕاوە. لەم هەولێرە کە وەرزی هاوین دەستی پێ دەکرد دەیانگوت: وەرزی فەقیران هاتەوە یەك خێزان نیوەڕوانان بەشووتی (شفتی)یەك تێر دەبوون ئەی ئێستا خێرە ئەگەر خەڵکی نیوەڕوانان سەروپێ نەخۆن تێرنابن؟! نازانم وەزارەتێکی گەورەی وەك وەزارەتی کشتوکاڵ کە ١٠٠ سپلیتی پێوەیە بۆ ١٠ پرۆژەی بەرهەمهێنانی میوەی نییە؟

## مردنی (نۆبێل)



ئاڵفێرد نۆبێل یەکێکە لەو کەسانەی کە توانی ڕێکلامی وەفاتەکەی خۆی ببینێ؟! کاتێ (لۆدڤیك)ی برای مرد ڕۆژنامەنووسەکان وایانزانی کە (نۆبێل) مردووە، بۆیە بەم شێوەیە لەسەر وەفاتنامەکەیان نوسیبوو، داهێنەری تۆقێنترین چەکی مرۆڤ مرد! کاتێ (نۆبێل) ئەمەی بیست زۆر دڵگران بوو و وتی: دەبێ دوای مردنم ئاوا باسم بکەن! ڕۆژنامەکەی هێناو ڕستەیەکی ئێکجار زۆری لێ سڕییەوەو وەسییەتی کرد، کە هەموو سامانەکەی بۆ خەڵاتی ئاشتی و پێکەوەژیان تەرخان بکرێ، هەربۆیە ئێستا ئێمە (نۆبێل) وەك داهێنەری خەڵاتی ئاشتی فیزیك و کیمیا دەناسین.. بڕیارێ بۆ گۆڕانی چارەنووسێ بەسە.

Xaweni `ymtyaz
u Sernûser;
`Umer `eli

# ŘOŞINBÎR

Jimare (7) –zistani 2013

Bilawkiraweyeki
Roşinbiri Giştî
Serbexoye,
Nawbenaw Le
Hewlêr,
Derdeçet

دوالاثقرة

## باشترینەکان

★ باشترین دیاری ئەوەیە، کە چاوەڕێی پاداشتەکەی نەکەی.★ باشترین تایبەتمەندی ئەوەیە، کە دڵی کەس لە خۆت نەڕەنجێنی. ★باشترین عادەت ئەوەیە، کە سڵاوی کەس پێش سڵاوی تۆ نەکەوێ. ★باشترین باوك و دایك ئەوەیە، کە منداڵەکانی لەپاڵیدا بحەسێنەوەو هەست بەئاسایش بکەن. ★ باشترین منداڵ ئەوەیە، کە بتوانی شانازی



پێوە بکەیت. ★ باشترین هاوڕێ ئەوەیە، کە دەردی دڵی خۆتی لا بدرکێنی. ★ باشترین ئامانج ئەوەیە، کە بتوانی پێی بگەی. ★

باشترین ڕووداو ئەوەیە، کە ژیانت بگۆڕێ. ★باشترین گۆرانی و مەقام ئەوەیە، کە یادەوەری خۆشت بە بیربێنێتەوە. ★ باشترین سەفەر ئەوەیە، کە حەز بەدووبارەبوونەوەی بکەی. باشترین بیرەوەری ئەوەیە، کە لە خەمۆکی دەرت بێنێ و شادیت بخاتەوە بیر. ★باشترین وێنە فرمێسکی شادییە. ★باشرین خواحافیزی ئەوەیە، کە سڵاوێکی تری بەدواوە بێ.

## بۆ پێکەنین

★ ڕۆژێ جاك دەڕواتە لای قەشەو دەڵێ: دەتوانم لەکاتی نزاکردن جگەرەبکێشم؟ قەشە دەڵێ: نا کوڕم ئەوە بێ ئەدەبییە بەرانبەر دین. جاك دێتەوەو بەسەرهاتەکە بۆ هاڕێکەی، کە ماکسە باس دەکات. ماکس دەڵێ: دیارە تۆ بەتەواوی قەشەت تێ نەگەیاندووە! با من بچم پرسیاری لێ بکەم. ماکس دەڕواتە لای قەشەو دەڵێ: دەتوانم لەکاتی جگەرەکێشان نزابکەم؟ قەشە دەڵێ: بەڵێ کوڕم بەدڵنیاییەوە دەتوانی.

★ ڕۆژێ نەفەرێ بەهێواشی دەست لەشانی شۆفێرەکە دەدات تا پێی بڵێ بۆ کوێ دەڕوات. شۆفێرەکە دەقیژێنێت و کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکە لەدەست دەدات، دوای ماوەیەك لەلای شەقامەکە ڕادەوەستێ و دەڵێ: کاکە بۆ وا دەکەیت؟ نازانی زۆرترسام. کابرا دەڵێ: ببورە نەمزانی ئەوەندە دەترسێیت؟! شۆفێرەکە دەڵێ: خەتایی تۆ نییە، چونکە ئەمە یەکەم ڕۆژە شوفێری تەکسی دەکەم، من ١٥ ساڵە شوفێری سەیارەی مەیتم.



**ئا: حەسەن هیوا**

# مێشەنگ

ئاژەڵان دەکرێنە چەند لقێکەوە یەکێ لەو لقانە لقی مێرووەکانە، لەناو لقی مێرووەکانیشدا، مێروویەك هەیە، کە (هەنگ)ە. هەنگ بایەخی زۆری هەیە، یەکێ لەوانە بایەخی (ئابووری)یە، بۆ نمونە: ١. هەنگوین: خۆراکێکی بەسوودە بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ، بەسودیشە بۆ چارەسەرکردنی جۆرەها نەخۆشی. ئەو هەنگوینەی کە هەنگ بەرهەمی دێنێ لەسەر تازەیی شانە و باش بەخێوکردنی و ناوچەیەکی گوڵدار رادەوەستێ، شانەی خۆماڵی نزیکەی سێ کیلۆ هەنگوین بەرهەم دێنێ، بەڵام ئەم شانە نوێیانە زیاتر لە بیست کیلۆ هەنگوین بەرهەم دێنن. تێکڕای بەرهەمی هەنگوین ساڵانە لە عێراق دەگاتە (١٥٠٠)تەن. ئەم رێژە لەکاتێکدایە، کە زیاترلە (١٥٠٠٠٠) شانە لە عێراق هەیە.

٢. مێو (شەمێ): هەنگ ماددەی مێو لە چەند گلاندێك، کە لەسەر ئەڵقەکانی سکی هەیە، بەرهەمی دێنێ، کە بڕی ئەو ماددەییە (٤٪)یە، ئەو هەنگوینەیە، کە بەرهەمی دێنێ.

٣. پیتاندنی رووەك: هەنگ دەتوانێ تۆوی رووەك بەرهەم بێنێ، لە هەندێ وڵات هەنگەوان هەنگەکانی بە کرێ دەدات بە جوتیارەکان تاکو تۆویان بۆ



بەرهەم بێنێ. ٤. شاهەنگ فرۆشتن: هەندێ هەنگەوان شاهەنگ بۆ فرۆشتن بەخێو دەکات واتە شا هەنگە پیرو پەککەوتووەکان بە هەنگی گەنج بگۆڕێتەوە. شایەنی باسە پورەی هەنگ لە شاهەنگێك و سەدان نێرەو هەزاران کارکەر پێکهاتووە، کاتێ شاهەنگ گەرای پیتێنراو دادەنێت، دوای سێ رۆژ گەراکە دەتروکێت و کرمۆکەی لێ پەیدادەبێ بۆ ماوەی پێنج رۆژ کارکەرەکان خواردنی شاهانە دەدەنە ئەو کرمۆکە کە نانەهەنگوین لە هەنگوین و هەڵاڵە پێکدێ کاتێ ئەم کرمۆکەیە بە تەواوی گەشە دەکات دەبێتە (پیوپا) بۆ ماوەی هەفتەیەك ئەم پیوپایە نان ناخوات و ناجوڵێتەوە، ئینجا پیوپا گەشە دەکات و دەبێتە کارکەر، کارکەر بۆ ماوەی ١تا٤ مانگ دەژێ.

## وشەکاتێر

★ تەمەن کورتە، بەڵام ئەوەندەیش درێژە کە لە خۆمانی تێك نەدەین.

★ چونکە شێتانە منی خۆش دەویست لە دەستی رامکرد.

★ کچەکان پێش زەواج و پیاوەکانیش دوای زەواج بیرلە داهاتوو دەکەنەوە.

★ هەندێ مرۆڤ سیاسەتمەدارە، بەڵام هەموو سیاسەتمەدارێ مرۆڤ نییە.

★ لە سەفەری ژیان گرنگ نییە سواری چ شەمەندەفەرێ دەبی گرنگ ئەوەیە، کە لە چ وێستگەیەك دادەبەزی.

★ هەندێ جار درۆوتن خەتای پرسیارکەرە، پرسیارێکی وات لێ دەکات، کە وەڵامی راست کارەساتی لێ بکەوێتەوە.

★ کاتێ شەڕ تەواو دەبێ چەك دەبێتە پارێزەری ئاشتی.

★ هەندێ کەس دەڵێن: ئەو تامەی لەپارە کۆکردنەوەدا هەیە لەپارە سەرفکردندا نییە.

★ کوڕ لەرێگەی چاوو کچ لەرێگەی گوێوە دەکەوێتە داوەوە.

★ ئەو شتەی لە بەیانی تا ئێوارە ئارەق دەخواتو سەرخۆش نابێ، گۆرەوییە.

★ گەر قەفەس نەبێ ئازادی بۆ باڵندە بێ واتایە.

★ گۆڕستان پڕە لە هیوا نێژراوەکان.



# دوو شوێنەواری دێرینی کوردستان

**ئامادەکردنی: بەنان دلێر**



**یەکەم/ پردی ئەڵوەن:** پردی ئەڵوەن دەکەوێتە ناو جەرگەی شاری (خانەقین) لەسەر داوای (موحەمەد عەلی میرزا) فەرمانڕەوای کرماشان و کوڕی پادشای ئێران دروست کراوە، مێژووی ئەم پردە دەگەڕێتەوە بۆسەدەی نۆزدە. ئەم پردە باکورو باشووری شاری خانەقین پێکەوە دەبەستێت، بەهۆی رووباری ئەڵوەنەوە دابەش بووە، لەرووی بیناسازییەوە پردێکی قەشەنگ و جوانە.



**دووەم/ ئەشکەوتە دەستکردەکانی باوەشاسوار:** ئەم ئەشکەوتانە دەکەونە باکورو باکوری خۆرهەڵاتی شاری کفری، کە لە لاپاڵی گردە بەردینەکانی باوەشاسوار هەڵکەنراون. ئەم ئەشکەوتانەیش چەند گۆڕێکی تێدایە. بێ گوێدان بە ئاراستەی گۆڕەکان گۆڕهەڵکەنراوەو رووی ئەم ئەشکەوتانە لە شێوەی لاکێشەییە، ئەم ژوورانە بەشێوەیەکی جوان رازاونەتەوە. مێژووی ئەم ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام.

## وتەی ناوداران

★خەڵك بۆیە حەزی لە دادپەروەرییە، چونکە دەترسێ رۆژێ ستەمی لێ بکرێ. (لارشفۆکولد)

★ئەگەرسواڵکەریشی دادپەروەر بە. (پەندێکی فەرەنسی)

★دادپەروەربەو مەترسە. (شکسپیر)

★وابژین کاتێ منداڵەکانتان بیر لە٣دادپەروەری دەکەنەوە ئێوەیان بکەوێتەوە یاد. (جەکسۆن براون)

★گەر نادادپەروەری نەبووایە کەس نەیدەزانی دادپەروەری چییە. (هیراکلیتۆن)

★ئەوەی بە پارە هێزی کڕی بێ، بە پارەیش دادپەروەری دەفرۆشێ. (پەندێکی ئینگلیزی)

★گەر کەسێ بیەوێ بە دادپەروەری دارێکی بەد ببڕێ، دەبێ بیر لە ریشەکەیشی بکاتەوە. (جبران خەلیل جبران)

★عەیبی یەکسانی تر ئەوەیە، کە ئێمە دەمانەوێ یەکسانی سەرووی خۆمان بین. (والدێز)

★بۆ ئەوانەی کە ژیانیان لەسەر رێگەیەکی دروستە، یاسا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و ئازادیو ئاسایش. (ئابراهم مازلۆ)

★لەرێی دادپەروەرییەوە کاروباری کۆمەڵگە دەروێندرێ ئەگەر دادپەروەری کاری کەسێکی زەحمەت کرد ئەوا با باش بزانێ کەوا نادادپەروەری کارەکەی زەحمەتتر دەکات. (ئیمامی عەلی)

★هەرکەسێ بەنهێنی ئامۆژگارییت بکات بێگومان پێت خۆش دەبێ. (؟؟)

# کاریگەرییەکانی جگەرە لەسەر پێست



**ن: عومەر عەلی**

زۆر بەداخەوە، کە کێشانی جگارە لە جیهاندا باوە، بەڵام بەهۆی زۆری کەناڵەکان و ڕۆژنامەکان، کە باس لەخراپی جگەرە دەکەن بۆ لەشی مرۆڤ خۆشبەختانە ڕێژەی جگەرەکێشان لەجاران کەمتر بووە. تائێستا هەزاران هۆکار سەبارەت بە وازلێهێنان لەجگەرە بەتایبەت لەبارەی پاراستنی تەندروستی پێشنیارکراون، بەڵام ئەگەر ئەو هەموو بەڵگانە سەبارەت بە ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی جگەرە بەس نەبێ، ئەوا باشتروایە کەمێ لە ڕواڵەتدا لەو شتانەی کە ڕوو دەدەن وردبینەوە. لەتەك هەناسەیەکی بۆگەندا، ددان و پەنجەکان زەرد دەبن و لێوەکان ڕەش دەبن، جگەرەکێشان دەبێتە هۆی پیربوونی پێست و ناشرینکردنی پێست، ئەمە جگە لە زیانگەیاندێکی زۆر بە سییەکانو ڕەشبوونی جگەر، ئەگەرجگەرەکێش لە زیانی جگەرە تێ بگاتو زوو واز لە کێشانی جگەرە بێنێ، هەندێ لەو کاریگەرییانە لەسەر جەستەی کەم دەبێتەوە. جگەرەکێشان دەبێتە هۆی لەناوچوونی مادەی (کۆلاجین) کە بەرپرسە لە پاراستن و گرژبوون و خاوبوونەوەی پێست، ئەگەر ئەم گرژبوون وخاوبوونەوەیە ڕوونەدات پێست چرچو لۆچ دەبێ. مادەیەکی زیانبەخش لەناو جگەرە هەیە، ناوی (نیکۆتین)ە، کە دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەی دەمارەکانی خوێن و ڕێگری لە سووڕی خوێن. هەر بۆیە پێستی دەموچاوی ئەو کەسانەی کە جگەرە دەکێشن هەر زوو بریقەکەی لەدەست دەدات و بەرەو ڕەشبوون دەڕوات، هەروەها یەکێکی تر لە زیانەکانی جگەرە ئەوەیە، کە ئەگەر برین بکەوێتە پێستی جگەرەکێش ئەوا کاتێکی زۆرتری دەوێ بۆ چاکبوونەوە لەچاو کەسێ، کە جگەرە ناکێشێ.



# پوختەیەك لە ژیانی پێغەمبەری نازدار

**ئا: شازاد شێرزاد**

ناوی موحەمەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەبدولموتەلیب)ە. باوباپیری پێغەمبەر لە هۆزێکی پاك و خاوێن و ڕێزدارن، کە دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی (ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم) (ڕەزای خوای لێ بێ). دایکی پێغەمبەر ناوی (ئامینەی کچی وەهەبی کوڕی کیلاب)ە، لە هۆزی (بەنی زوهرە)ی قوڕەیشییە. موحەمەد (د.خ) لەبەرە بەیانی ڕۆژی دوشەممە، کە دەکاتە (١٢/ڕەبیع لئەوەل/٥٧٠ی زاینی) لە (مەککە) لە ماڵی (عەبدولموتەلیبی) باپیری چاوی هەڵ هێناوە، ئەم چاو هەڵهێنانە دوای مردنی باوکی بوو بە مانگێك. دایکی دەینێرێتە لادێیەکی نزیك مەککە بۆ ئەوەی ئاو و هەوای پاکوخاوێن هەڵمژێ، دوای ماوەیەك دەگەڕێتەوە مەککە بۆ لای خزمەکانی، دواتر خاتوو ئامینەی دایکی سەفەری شاری (یەسرب)ی پێ دەکات بۆ ئەوەی پێغەمبەر زیاتر ئاشنای ناوچەکە ببێ، ناگەڕێنەوە مەککە لە گوندی (ئەبوا) دایکی کۆچی دوایی دەکات، لەم کاتەدا پێغەمبەر (د.خ) تەمەنی شەش ساڵ بوو. دواتر پەروەردەکردنی پێغەمبەر (د.خ) دەکەوێتە سەر باپیری (عەبدولموتەلیب). لە تەمەنی (٣٥) ساڵی پێغەمبەر (د.خ) کێشەی نێوان قوڕەیشەکانی چارەسەر کرد، کە کێشەکەیان لەسەر (بەردە ڕەشەکە)بوو. دواتر هەر قوڕەیشییەکان نازناوی (سادق لئەمین)یان پێبەخشی.

# خیلافەتی (عەبدوڵلای کوڕی زوبێر)

**ئا: حوسێن هیوا**

ناوی (عەبدوڵای کوڕی زوبێری کوڕی عەووامی کوڕی خووەیلدی کوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی قوسەی کوڕی کیلابی کوڕی موڕڕەیە)یە. لە مەدینە لە قوبا و لە ئەسمای کچی ئەبوبەکر لەدایکبووە، دوای ئەوە ئەسما هێناویەتییە خزمەتی پێغەمبەر (د.خ) لەنێو ئامێزی پێغەمبەرم دانا، ئینجا پێغەمبەر (د.خ) داوای دەنکە خورمایەکی لە ئەسما کرد، خورماکەی جوی ئینجا تفێکی کردە ناو دەمی عەبدوڵا، یەکەم منداڵ بوو، کە لە مەدینە ئیسلام بوو. هەروەها دەکاتە کوڕی پوری پێغەمبەر (د.خ). عەبدوڵای کوڕی زوبێری چەند هاوسەرێکی منداڵی هەبوو لەوانە: تومازەری کچی مەنزوری فەزازی لە توماز چوار ڕۆڵەی هەبوو، کە (خوبەیب، هەمزە، عوباد، سابت)بوو. ئوم هاشیمی کچی حوللەی کوڕی مەنزور لە ئوم هاشیم چوار ڕۆڵەی هەبوو، کە (هاشم، قەیس، عوروە، زوبێر) بوو. جەسیمەی کچی عەبدلڕەحمانی کوڕی حارسی کوڕی هیشام، لە جەسیمە پێنج ڕۆڵەی هەبوو، کە (عامر، موسا، ئوم حەکیم، فاتیمە، فاختە) بوو. عائیشەی کچی عوسمانی کوڕی عەفان لە عائیشە دوو ڕۆڵەی هەبوو، کە (بەکر، ڕوقیە) بوو. ئوم وەلەد، لە ئوم وەلەد دوو ڕۆڵەی هەبوو، کە (عەبدوڵا، موسعەب) بوو. عەبدوڵلای کوڕی زوبێر پیاوێکی ڕەنگ ئەسمەر بووە، زۆر درێژ نەبووە، مووی ڕیشی تەنك و ڕەنگ زەرد بووە، زاناو موجتەهید و ڕەوانبێژ بووە، نوێژکەر و ڕۆژیگر بووە، نەفسبەرز و بەهیممەت بووە، لەسیاسەتدا بەتوانا بوو. عەبدوڵای کوڕی زوبێر بەشداری شەڕی (جەمەل)ی کردووە، لەم جەنگە پیادە بوو، دەڵێن کەوا عەبدوڵا لەو ڕۆژەدا چل جار بریندار بووەو خەڵتانی خوێن بووە. لاشەکەی لەنێوان کوژراوەکان دۆزرایەوە، بەڵام نەمرد، دایکی ئیمانداران عائشە (خ.ر) دە هەزار درهەمی دا بەو کەسیی کەوا هەواڵی مانەوەی عەبدوڵی کوڕی زوبێری بۆ هێنا هەر وەها سوجدەی شوکری برد.

## ئایا دەزانی؟

* ★ کۆنترین کتێب (ڕیگ ڤیدا)یە.
* ★ مافی مرۆڤ لە فەرەنسا هاتە کایەوە.
* ★ ئاتیلا باوکی مەجەڕەکانە.
* ★ ئەسپ و مشك ناتوانن بڕشێنەوە.
* ★ یەکەم هەڵبژاردەی تۆپی پێ، هەڵبژاردەی پاراگوایە.
* ★ مانگا چوار گەدەی هەیە.
* ★ فیل لە ڕۆژێکدا سێ کاتژمێرو نیو دەخەوێ.
* ★ فیل ڕقی لە هەنگوینە.
* ★ سویسرییەکان خاوێنترین خەڵکانی جیهانن.
* ★ هەولێر (٤١٤) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.
* ★ تەمەنی خۆت جارانی (٧٣) بکە، پاشان جارانی (١٣٨٣٧) بزانە چەند دەردەچێ؟
* ★ ڕێوی هەموو شتێ بەخۆڵەمێشی دەبینێ.
* ★ زەڕافە بە پێوە منداڵی دەبێ.
* ★ ورچەکانی باکور نزیکەی سێ مەترن.
* ★ کەروێشكو تووتی دەتوانن پشتی خۆیان ببینن.
* ★ حەڤدە هەزار جۆر زەردەواڵە هەیە.
* ★ مێروولە دەتوانێ بۆ ماوەی ساڵێك بێ خواردن بژێ.



* ★ وشتر تەنیا ئاژەڵە، کە ناتوانێ مەلە بکات.
* ★ مێرووڵەکان دەتوانن دوو ڕۆژ لەنێو ئاودا بمێننەوە.
* ★ پەپوولە لەڕێی پێییەکانییەوە تامی شتەکان دەکات.
* ★ ٩٠٪ ژەهری مارەکان پرۆتینە.
* ★ لمی تەڕ لە لمی وشك سوکترە.
* ★ مەراسیمی مۆمیاکرن لە میسر ٧٠ ڕۆژی دەخایاند.
* ★ زیاتر لە (٧٠٠) ساڵە گەنم لەجیهان دەنێژرێ.
* ★ مێشهەنگوین دوو گەدەی هەیە.
* ★ کۆنترین ئاڵا، کە تاکو ئێستا ماوەتە ئاڵای (دانیمارك)ە.
* ★ درێژی ڕووباری نیل (٦٦٠٠) مەترە.
* ★ گورچیلەکان ڕۆژان ٧٠٠ لیتر خوێ دەپاڵێون.
* ★ داری زەیتون ٢٠٠٠ ساڵ تەمەنییەتی.
* ★ ڕۆژانە (٢٠) خولەك ڕۆیشتن لە ڕێژەی مردنت لەو ڕۆژە (١٠٪) کەم دەکاتەوە.
* ★ وتنی ئەم سێ ڕستەیە لە هەموور ستەکان گرانترە: خۆشمدەوێیت، بمبورە، یارمەتیم بدە.
* ★ تیمساحەکان ناتوانن زمانیان دەربهێنن.

## کارەساتی ئەنفال

ئەنفال ناوی یەکێکە لە سوورەتەکانی قورئانی پیرۆز، بەڵام ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، لەژێر ئەو ناوەدا، لە ساڵی (١٩٨٨) هەستا بە پێڕەوکردنی پرۆسەی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد، ئەویش بە ئەنفالکردنی سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسی بێ تاوان و سڤیل لە هاوڵاتیانی کوردی بێدیفاع، چەندین گوندو ئاوایی کوردنشینیشی کاول و خاپور کردو تەنانەت مزگەوتەکانیشیان ڕوخاندو قورئانەکانیشیان سوتاندو هەرچی کانیاو هەبوون پڕیان کردنەوەو مەڕومالات و سامانی خەڵکیان گشت بە تاڵان برد.



## سیستمی نوێی پەروەردە

**ن: عومەرعەلی**

ئەوەی لەم ماوەیەدا بووەتە جێگەی تێڕامان ئەوەیە، کە زۆربەی قوتابیان نارەزاییان لەم سیستەمە(سوید)ییە هەییە بەتایبەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، بۆیە پێویستە ئەم سیستمە بگۆڕدرێ، چونکە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر زانکۆ و پەیمانگاکان هەروەها لەم سیستمەدا قوتابی پێناسەیی (مامۆستا، خوێندکار، بەڕێوبەر، توێژەری کۆمەڵایەتی، خوێندنگا) نازانێ. لەوانەیە هەندێ قوتابی هەر خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی خۆیشی نەبێ؟ ئەگەر بمانەوێ نوێخوازی لە کوردستان ڕوو بدات دەبێ لە پیتی (ئەلف)ەوە دەست پێ بکەین. ئەگەر ئێمە بەم سیستمە ڕازی بین دەبێت بەوەیش ڕازی بین، کەوا منداڵەکانمان (٥) کاتژمێر لە قوتابخانەکان بن، چونکە ئەم سیستەمە پێویستی بەوەیە کەوا کاتی قوتابخانەکان ٥_٦ کاتژمێر بن. وە نابێ هیچ قوتابخانەیەك دوو دەوام بێت، کە کێشەی زۆری قوتابخانەکان لەسەر دوو دەوامییە. لەساڵی ١٩٧٠ی زاینی تەنها ٥٧٠ قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان هەبوو، بەڵام ئێستا لە ساڵی ٢٠١٢ ژمارەی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ٦٠٠٠ قوتابخانە، بەڵام هێشتا پێویستمان بە ٢٢٠٠ قوتابخانەی ترە لە هەرێمی کوردستان.



### بۆ زانیاری زیاتر

- زەوی یەك مانگی هەیە، بەڵام هەسارەی عەتارد مانگی نییە.
- مامۆستا هەژاری موکریانی قورئانی پیرۆزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی.
- سوڕانەوەی مانگ بە دەوری زەویدا ٢٩ ڕۆژ دەخایەنێت.

## کوردستان

**ن: ئەحمەد سەرکەوت**



ئەی کوردستان بینایی چاومان
خۆشەویستی لەناو دڵمان
ئەی وڵاتەکەی خانزاد و سۆران
ئەی وڵاتەکەی هێمن و گۆران
کوردستان تۆی شای وڵاتان
گەر پشت لە تۆ کەم، دەبم سەرگەردان
ئەگەشێیتەوە وەرزی بەهاران
گوڵێکی جوانی وەرزی زستانان
خۆرێکی گەشی وەرزی هاوینان
زەردی گەڵای پاییزانت دەڵێ ئێمە هەین